***ماملێ***... **یادی بەخێر** **هەڵۆ بەرزنجەیی**



هونەر، لەم ژیانە جەنجاڵ و پڕ لە گێژاوەدا لای مرۆڤی شەکەت و ماندوو، یان حەساوە و خۆشبەخت ، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر هۆگر و لایەنگرە. هونەر ئەو بوارەیە، کە "پانتایی" ئارەزوو و حەز و ئەندێشە خۆش و بەلەزەت و ئاواتەکانی تێدا تێکەڵ بەیەکتر بوون و یەکتر دەبیننەوە. هونەر ئەو دەرمانەیە کە حەسرەتی  دڵ دادەمرکێنێتەوە و تام و سەبوورییەکی تایبەت بە جەستە و هەناو و گیانی مرۆڤ دەبەخشێ . هونەر بنەمایەکی بەهێزی گەل و نەتەوەیە و میللەتی بێ هونەر، چەشنی باخی بێ گوڵە. لەباری سەرنجێکی دیکەشەوە، هونەر چەکێکی کاریگەر و ناسنامەی هەبوون و تاجی شانازی و سەروەرییە و گەر بخوازێ دەتوانێ، گشت سنوورەکانی ئاستەنگی بەردەم ویستتەکانی ببەزێنێ.

هونەری ڕاستەقینەش بێ مەرج و داوای کەس، زیندوویی و گەورەیی خۆی وا لە هەناودا و بۆتە هێزێکی مەزنیش لە بەشداریکردنی، هەر هەوڵ و گۆڕانێکی سیستەماتیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا!. هونەری ڕەسەن و ناواخن پڕ لە کەلەپووری میللی و خۆشەویستی مرۆڤ و سروشت، ئەو هونەرەیە کە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی درێژە دەکێشێ و دەمێنێتەوە، ڕەگ لەسەر ناسنامەی خۆی دادەکوتێ پەل و پۆدەهاوێژێ. لەهەر دەم و ساتەوەختێکدا دەنکە مرواری و چەپکە گوڵی ڕازاوە و هەستی گەرم و ئاوازی بەجۆش و خرۆشی خۆی دەخاتە بەردەستی گوێگر و عاشقانی.

هونەریی کوردیش، بە بەراوود بە باڵای هەنجن هەنجنکراوی ژیانی ژێردەستی و وڵات دابەشکراوی، هونەرێکە بە قەوارەی ئازار و ژان، خۆشی و شیرینییەکانی نەتەوەی کورد، خۆی بەرجەستە کردووە و پارێزگاری لە هەبوونی خۆی کردووە و ڕەهەندی ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە و سەلماندوویەتی کە لەو هەموو کەین و بەینەدا، ڕەنگ و بۆی خۆی هەیە. هونەری کوردی بەتایبەتی (***ئاواز و گۆرانی***)ژیی هەست و نەستی هەر گوێگرێک بەجۆش و خرۆشێکی ئەفسووناوییەوە دەهەژێنێ و مرۆڤ حەیرانی جوانی وڵات و ئافرەت و وەرزە دڵفڕێنەکان و بۆن و بەرامەی گوڵزاری بەهار و دەنگ و جریوەی باڵندە و ڕەنج و ئارەقەی ماندبوون و شادی و گەمەی مرۆڤی کورد دەکات. لەنێو مێژووی سەدەیەکی ئەم هونەرەدا دەیان کەڵە هونەرمەندی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنی لێهاتوومان بەرچاو دەکەون، کە بۆ هەتا هەتایە بە زیندوویی " ناو و بەرهەمەکانیان" لەناو دڵ و هەستی گشتمان و مێژوودا دەژین.

"***ماملێ***" ناوی ئەو کەڵە هونەرمەندە میللییە هەرە بە ناوبانگ و شۆڕەسوارە هەرە لێهاتووەی ئەم بوارەیە و ئەستێرەیەکی هەرە مەزن و پرشنگداری جیهانی گۆرانی و مۆسیقای کوردیتە و نیو سەدەیرەبەق زیاترە بە هەموو دڵ و کوڵێکەوە بە هەموو حەز و خواستێکەوە بەوپەڕی ئەمەکداریی و دڵسۆزییەوە بەوپەڕی هۆشیاریی و لێزانییەوە سەرقافڵەچێتی قوتابخانە و ڕێبازە هونەرییە تایبەتەکەی

خۆی لە گۆرانی و ئاهەنگی کوردی گێڕان و داهێنانە هونەرییەکانی دەکات و نزیکەی ٧٠٠ گۆرانی هەرە دانسقە و پڕ لە مانا و تابلۆی بەرزی هونەریی هەستفڕێن بۆ چڕیوین و بەئاواتی زۆری دیکەش بوو، مەخابن نەخۆشی چەپەڵ و مەرگی ناهەموار بوونە ئاسەنگی بەددەم گەیشتنە ئاواتەکانی.

**ماملێ**، هەبوونێکی هەرە زێڕین و دەریایەکی هەرە بەربەرینی وشە و گۆرانی کوردییە و هەزاران بەیتی رەسەن و فۆلکلۆری لەئامێزگرتووە و سەدان ئاوازی ژیاندۆتەوە و داناوە و دەیان شیعری شاعیرە بەرزەکانی کوردی وەک{ ***وەفایی و مسباح الدیوان و هێمن و هەژار و کامیل*** } و...هتدی بۆ کردووین بە چەپکە گوڵی ڕازاوە و عەشقی خۆشەویستییەکی بە کەفوکوڵ و هەست گەرم و بۆی وتووینەتەوە و گیانێکی ئەفسووناوی کردووە بە بەرشیعرەکان دا. لەتەک ئەم لایەنانەدا گۆرانییەکانی ماملێ، هێزێکی دینامیکی شۆڕشگێڕی و کوردایەتیش و ڕۆڵ لە هۆشیاری نەتەوەیی و هونەری بەرگریدا دەبینن. ئەو مانا ئامێزییەی بەرهەمەکانی ماملێ جۆرە شەقڵ و ڕەسەنایەتییەکی بەگۆرانییەکانی بەخشیوە و بوونەتە سیمبۆڵ و ناسنامەی هونەرەکەی ماملێ و کورد.

زنجیرە گۆرانییەکانی " ***بازی بێریان، زەمانە، یادی بەخێر، من دەڵێم شاری دڵم، زینەبێ، شیرین تەشی دەڕێسێ، جوانێ گیان بۆ وات لێکردم، مریەم سابڵاخی*** " و سەدانی دیکە لە زیهن و خەیاڵ و سەرزمانی کەسمان سپی نابنەوە. هەربۆیە **مامۆستا هێمن** ساتێ وا هەست دەکات، ئەو لەبیرچۆتەوە و فەرامۆش کراوە، ئاخر چونکە باش لەوە ئاگادارە، کە دەنگی **" ماملێ"** هەردەم میوانی ئامادەی گشت کەس و ماڵێکمانە، بۆ تکای وایە و داوامان لێ دەکات و دەڵێ: ئا لەو چرکەساتەدا **یادی بکەن**.

***لەو دەمەی دا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ***

***لەو دەمەی دا ماملـــــــێ دەڵێ قەتارێ***

دڵدارانی گۆرانی خۆماڵی کوردی، عاشقانی دەنگ و ئاوازی (( **سەید ئەسغەری کوردستانی، خارە تایەر تۆفیق، جووتە جەزراوی، کاوێس ئاغا، مامۆستا عەلی عەلی مەردان، رەسول گەردی و حەسەن زیرەک** )) و... دڵنیان کە ماملێ نامرێ و بەهەشتی بەرین و دڵی هەموو کورد و لاپەڕەی گەشی مێژوو و هێلانەی خۆشەویستی مرۆڤدۆستی مەنزڵگای دەبێت. هەتا دوا زایەڵە و نووزەی هونەری کوردی، ماملێ زیندووە.



محەمەدی ماملێ لە بنەماڵەیەکی هونەرمەندە و **مام سەعید** هونەرمەندی سەردەمی سەید ئەسغەر بووە و ئێستاش پاش کۆچی خۆی وەچەیەک هونەرمەندی دڵسۆز و لێهاتووی خۆی پێ سپاردووین. ماملێ کوری شارەکەی **قازی محەمەد و هێمن و هەژار** و کۆمارە جوانەمەرگکراوەکەی کوردستانە لە مەهاباد و چوارچرای مەیدانی ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکردن و لەسێدارەی **(قازی)** یانە. هونەرمەندی پاش کۆمارە و لەسەر هەڵوێست و هونەر و بەرهەمەکانی، تووشی ئازار و کولەمەرگی و زیندانی

بووه. وەلێ کۆڵی نەداوه و ڕاستەوخۆ بەشداری خەباتی نەتەوەکەی کردووه و باجی سەروەریی و تێکۆشانی خۆی داوه. ماملێ دۆستی دەیان هەڵکەوتووی دیکەی گەلەکەمانه و هاودەمی زۆربەی هەڵکەوتووانی کوردی کردووه و لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی کوردستاندا، پەیوەندی هەبووه و پێکەوه گۆرانییان وتووه و ئاهەنگیان سازداوه. لەڕادیۆکانی تاران و کرمانشان و سنه و مەهاباد گۆرانی پێشکەش کردووه.

ماملێی هونەرمەند خاوەنی هەستێکی زۆر پاک و بێگەردی کوردایەتی بووه و چەندین جار گیانبازی به ژیانی خۆیەوه کردووه، دەیان سروودی نەتەوەیی بەدەنگە زوڵاڵەکەی تۆمار کردووه . سەرقافڵەی ئەمانەش وتنەوەی مارشی نەتەوەیی (**ئەی رەقیب هەر ماوه قەومی کورد زوبان**)ه. ئەمانەش بەڵگە و دەلالەتی جەسووری و باوەڕی پتەو و بەتینی کوردایەتییەکەیەتی.هونەرمەندی هەڵکەوتوو و هێژا، خاوەنی کەسایەتییەکی گەورەی خۆی بووه. لەنێو خەڵک دا و لای میللەتەکەی گەلێ خۆشەویست و ڕێزلێگیرواو بووه. ساڵی ١٩٢٥ له سابڵاخ لەدایک بووه. دوا ڕۆژەکانی ژیانی بەئازارەوه بەسەر دەبات و تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوه دەبێت و تا دەهات لاواز و بچووک دەبۆوه. له ڕۆژی ٢٣/١/١٩٩٩ پاش یادکردنەوەی جەژنی ڕێبەندانی ئەمساڵیش لەگەڵمان دا ماڵئاوایی لێکردین. هەواڵەکه بروسکەئاسا بەسەرتاسەری کوردستان دا بڵاوبۆوه و هەزاران هەزار کەسی هەژاند و چزەی لەدڵ و دەروونی یەکپارچەی نەتەوەی کوردەوه هەڵسان. مەرگە تاڵ و ناخۆشەکەی، ژینگەیەکی خەمناکی دەروونی هێنده بەئازاری خولقاند، خۆی وتەنی: شایی و شینمان تێکەڵ بوو.

ماملێ، سەرلەنوێ بێ پەیمان شکاندن!! لەگەڵ هاوبیرەکانی دەست لەملی هێمن و هەژار بووه. چونکه له هیچ شوێنێ و هیچ کەسێ فێری پەیمان شکاندنی نەکردبوو. باش دەیزانی له نێو کورد دا پەیمان شکێنی نییه. دواتر بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی و شکۆوه، له گۆڕستانی شاری سابڵاخ به بەشداری هەزاران کەس به دایکی نیشتمان به ڕوو سووری و سەرکەشییەوه سپێردایەوه. ئەفسووس و هەزارجار ئەفسوس نەتوانرا ژیان و ئەزموون و کارەکانی ئەو هونەرمەنده هەڵکەوتووەمان، بەتەواوی خزمەت بکرێت و تۆمارێکی جوانیان بپارێزرێ. تەنها یادگارێک ئەوەیه هونەرمەندێکی لاو بەناوی( **شارامی عەلیدی)** کورته فلیمێکی لەسەر ژیانی تۆمار کردووه.بە هیوای ئەوەی بەهیمەتی وەچه دڵسۆزەکانی خۆی و تەواوی هونەرمەندانی بەئەمەک و خەمخۆری کوردمان، ئەو کەلێنه مەزنەی کەوته باڵەخانەی هونەری ئاواز و گۆرانی و ئاوازی کوردیمانەوه پڕ بکەینەوه.ب اس و لێکۆڵینەوه لەسەر ئەو هونەرمەنده هێژایه بێکۆتاییه و ئەرکی دڵسۆزانی پسۆڕی ئەم مەیدانەیه، ئاوڕی بەپەرۆشی لێ بدەنەوه.هێندەی لەسەر بابایەکی وەکو ئێمه بێت، وا بەقسەی بەدکاری لەگەڵ ناکەین و بەڵێنیان دەدەینێ:

***ئەگەرچی ڕۆیین قەت ناچن لەیادمان.... دەکەین یادتان به یادی ئەوانەوه شادین***

بۆ دەستکاریکردنی ئەم بەیته شیعره،داوای لێبووردن له ڕەوانی بێگەردی مامۆستا هێمنی گەوره دەکەم.

---

سەرنج: ئەم بابەته گۆڤاری "خوێندکاری کورد" ژماره ٢٧ نەورۆزی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوه بەناوی هاوبیرەوه. هەڵەکانی چاککراوه و بەکەمێک دەستکارییەوه لێرەدا پێشکەشتان دەکەمەوه. بۆ مەرگی ماملێ گەوره دەستەی نووسەرانی خوێندکاری کوردیش بروسکەی خەمباری نارد. پێش مەرگی

مامۆستا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو، بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەک، نامەیەکی دوورودرێژ و کۆمەڵی پرسیارم ئاڕاستەی مامۆستا مامڵێ کرد. بەداخەوە چ وەرامێکم بەدەست نەگەشتەوە. ئیدی نازانم نامەی ناوبراو گەیشت یاخود نا!؟. دەنا ئێستا زانیاری زیاترمان دەربارەی هزر و کار و خزمەتی هونەر و گۆڕانی خۆیی و کوردی لەبەردەستدا دەبوو.